گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەرجەستەبوونی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم)ی جەبار جەمال غەریب دا

**د. عبدالستار پیرداود حسن**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Star,perdawd@gmail.com

**د. حەیدەر جەوهەر ئەحمەد**
بەشی زانستە بنەڕەتییەکان، کۆلێژی پەرستاری , زانکۆی پزیشکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hayedr.ahmed@hmu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/١٢/٢٠
پەسەندکردن:٢٠٢٦/٤/٢
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Satire , Criticism , Laughter , Kurdish novels, Jabar Jamal Gharib*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.33

## پوختە

ساتیر پێگەیەکی بایەخداری لەنێو کایەی ئەدەبیاتی کۆن و نوێدا هەیە، بە شێوازێکی دەربڕین لەقەڵەم دەدرێت. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ساتیرە لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆسەر كێلەكەم)ی جەبار جەمال غەریب. کاتێك نووسەر ڕەخنەی توندی ئاوێتە بە گاڵتەکردن، لە نێو تێکستی ئەدەبی ڕەنگرێژ دەکات، بەوەی ئامانجە سەرەکییەکەی بە پلەی یەکەم ڕەخنەیە و بە پلەی دووەم پێکەنینە وەکو ئامرازێکی کاریگەری دەربڕین، ئەوا مەبەست لێی دەرخستنی تاڵییەکانی ژیان و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە و ڕەفتاری نادروستی تاکەکانیەتی بەشێوازێکی کۆمیدییانەی سەرنجراکێش، لە بەرامبەر ئەوانەی لە نۆرمەکان لادەدەن و ڕێسا دروستەکانی کۆمەڵگە پێشێل دەکەن و نادادی بڵاودەکەنەوە. ڕۆماننووسانی کورد لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا پەنایان بۆ ساتیر بردووە. جەبار جەمال غەریبیش وەکو ڕۆماننوسێکی هاوچەرخ لەم ڕۆمانەدا بە وردی پەنای بۆ شێوازی ساتیر بردووە و پێکهاتەی هونەری و پێکهاتەی واتایی ڕۆمانەکەی لە ڕێگەی ساتیرەوە زەنگین کردووە و ڕۆمانێکی ئەفرێنەرانە بەرهەم هێناوە. ئەم توێژینەوەیە بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی (ڕەخنەی

کۆمەڵایەتی) هەوڵی داوە پەردە لەسەر دیاردە ناشرین و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی فۆڕمێکی ساتیرئامێزانە هەڵبماڵێت.

## پێشەکی

ساتیر یەکێکە لە شێوازە بەناوبانگەکانی دەربڕین لە نێو کایەی ئەدەبیدا. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆماننووس لەگەڵ ساتیر ئەمڕۆ بووەتە شێوازێکی زیندوو لە ڕۆمانی نوێدا بۆ خستنەڕووی دزێوییەکانی واقیع بەشێوازێکی پێکەنیناوی. هاوکات بووەتە ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ ڕەخنەی جددی بە شێوەیەکی گاڵتەکاریی، کە ئامانج لێی سەرەتا ڕەخنەیە، پاشان پێکەنینە وەك ئامرازێکی بەهێز. ساتیر وەک دەمامکێک وایە بە دیوێکدا نووسەران بەکاری دێنن بۆ بەرگریکردن لە بنەماکانی شکۆی مرۆڤ، بەدیوێکی دیکە بۆ شەرمەزارکردنی ستەمکاری و دژایەتیکردنی ناهەمواریيەکانی ژیان بە مەبەستی چاککردنیان، هەر بۆیە ساتیر خوێنەرێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە ڕۆماننووسی ئەم بوارە هەمیشە لە ڕێگەی ساتیرەوە هەوڵی گۆڕینی واقیع دەدات، بەوەی وەك ستراتیژێك دونیای کۆن هەڵدەوەشێنێتەوە و دونیایەکی تازە بنیات دەنێتەوە. ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (بەرجەستەبوونی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر کێلەکەم)ی جەبار جەمال غەریب دا) هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستییانە ستراتیژی ساتیر لە ڕۆمانەکە بخاتە نێو شیکردنەوەیەکی ئەکادیمییانە.

سنووری توێژینەوە: کەرەستەی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا دەقی ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر کێلەکەم)ی جەبار جەمال غەریب)ە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت.

پرسیاری توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی هەندێك پرسیار بداتەوە: ئایا تێڕوانینی ڕەخنەگران لەبارەی ساتیر بە چ ئاراستەیەك بووە؟ ئایا گرنگترین جۆرەکانی ساتیر چین؟ ئایا ڕۆماننووس جەبار جەماڵ غەریب لەم ڕۆمانەدا چۆن بەرخوردی لەگەڵ ساتیردا کردووە و چۆن ساتیر لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی توێژینەوە: ساتیر ژانرێکی بایەخداری نێو ئەدەبیاتە و بابەتێکی گرنگی نێو بواری ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەب و ئەدەبی نوێی و هاوچەرخی کوردییە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت لە بارەی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم)ی جەبار جەمال غەریب ئەنجام نەدراوە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ تەرخان کرد.

میتۆدی توێژینەوە: بۆ هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) گیراوەتەبەر.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ناساندن و گرنگیدانە بە ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم)ی جەبار جەمال غەریب دا) و شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی تێکستەکە. کە تێیدا نووسەر بە تێڕوانینێکی هونەری بەرخوردی لەگەڵ ساتیر لە ڕۆمانەکەدا کردووە و ڕەخنەی گاڵتەجاڕانەی لە ژیواری کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری گرتووە و دواجار ڕۆمانێکی داهێنانکاریی لەم بارەیەوە بەرهەمهێناوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە: ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی دابەش کراوە: لە تەوەری یەکەمدا باس لە زاراوە و چەمکی ساتیر کراوە, دواتر ئاماژە بە تێڕوانینی ڕەخنەگر و پسپۆڕانی ئەدەب لە هەمبەر ساتیر دراوە. پاشان باس لە جۆرەکانی ساتیر کراوە. لە تەوەری دووەمدا شیکردنەوەیەکی زانستییانە بۆ بەرجەستەبوونی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم) کراوە، کە ڕۆماننوس هەوڵیداوە لە میانەی شێوازی ساتیرەوە، بە زمانێکی ڕەخنەگرانەی گاڵتەکاری گوزارشت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی بکات و تێکستی ڕۆمانەکەی دابهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەکو پراکتیزەکردن تێکستەکە خراوەتە نێو شیکردنەوەیەکی بابەتییانە. بەم چەشنە توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك کۆتایی هاتووە، پاشان لیستی سەرچاوەکان ریزکراون و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەیان پێکراوە.

# 1. تەوەری یەکەم
# زاراوە و چەمك و مانا و ناساندنی ساتیر

## 1.1. زاراوەی ساتیر

زاراوەی ساتیر بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئەدەبی کۆن و نوێدا بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەرکەوتنی زاراوەی ساتیر، ئەوا دیارە سەرەتای دەرکەوتنی ساتیر و بە تایبەتی ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی ساتیر (Satire) بۆ مێژووی ئەدەبی کۆنی ڕۆمانی و زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، ((وشەی ساتیر (Satire) لە بنەڕەتدا لە (Satire) و (Satura)ی لە زمانی لاتینیدا هاتوو، ئەوکات بەمانای دەفرێکی پڕ لە میوەی جۆراوجۆر هاتووە، کە وەک خەڵات پێشکەش بە یەکێک لە خوداوەندەکانی کشتوکاڵ کراوە.)) (داد، 1378، 339_340) بەڵام دواتر لە نێو کایەی ئەدەبیاتی لاتینیدا گۆڕان بەسەر واتای زاراوەی ساتیردا هاتووە، مانای دیکەی لێکەوتۆتەوە، تا وایلێهاتووە بەوەی ساتیر لەنێو کایەی ئەدەبدا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کە تێیدا ساتیرنووس ڕەخنەی گاڵتەئامێز ئاڕاستەی کەموکوڕی و ستەم و نادادیی تاك و کۆمەڵگە دەکات و لەنێو تێکستی ئەدەبیدا بە گژ بیروباوەڕی کۆن و باودا دەچێتەوە و ڕووبەڕوویان دەوەستێتەوە، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوە و ڕاستکردنەوەیان، بەمەش بابەتەکان لەنێو فۆرمێکی ئەدەبی و بە شێوازێکی هونەری دەخاتەڕوو، بەم چەشنە دواجار ساتیر دەبێت بە فۆرمێکی ئەدەبی سەربەخۆ، ((ساتیر (Satire) وەک فۆرمێکی دیاریکراو بە ڕەچەڵەک لاتینییە، لە وشەی (Satura) هاتووە، کە ئاوێتەیەکی شیعریی بووە، بۆ یەکەمجار لەلایەن (لیسیلیۆس - سەدەی دووەمی پێش زایین) پراکتیزە کراوە، تێیدا تامی واقیعی لەگەڵ پەیامێکی ئەخلاقی ئاوێتەی یەکتر کردووە..پاشان وشەی (Satire) لە فەرەنسا لەگەڵ ئەنسینەکان بڵاوبۆتەوە.)) (ارون و سان, 2012, 211) کەواتە بەپێی زاراوە لاتینییەکە بێت، پێکهاتەی ساتیر خەسڵەتێکی ئاویتەی هەیە، بەوەی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشە سەرەکییەکەی تایبەتە بە ڕەخنەگرتنێکی جددیی و بەشەکەی دیکەی تایبەتە بە گاڵتەکردن و پێکەنین، کە ئەمەش ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دەربڕینی کەموکوڕییەکان و هوشیارکردنەوەی مرۆڤ لە نادادیی و خراپەکاری، بەمەش هەردوو بەشی ڕەخنەگرتن و گاڵتەکردن بەیەکەوە لەناو پێکهاتەی ساتیر یەکیان گرتووە و کۆبوونەتەوە، ساتیر ((بریتییە لە ستایلی ڕەخنەگرتنێکی پێکەنیناوی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەڵکێك یان بیرۆکەیەك، بە ئامانجی خستنەڕووی کەموکوڕییەکان.)) (Cambridge Dictionary, 2000, 756) ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە ساتیر دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ((بەقەد مرۆڤ کۆنە، چونکە ڕەنگە ئامرازێک بێت بۆ سەرقاڵکردنی دەروون و دڵنەواییکردن، یان ڕەخنەگرتن و ئیدانەکردنی ئەوەی ڕوودەدات، یان گاڵتەکردن بە بەرامبەرەکەی.)) (حسین، 1988، 64) خستنەڕووی هەموو ئەمانەش دەکرێ دواجار بە خالیبوونەوەی دەروونی ساتیرنووس لێکبدرێتەوە.

لە هەمبەر زاراوەی (ساتیر) لە ئەدەبی عەرەبیدا توێژەر و ڕەخنەگران بە زۆری زاراوەی (ساخر یان سخرية)یان بەکارهێناوە، (العمري, 2012, 84)، کەچی لە ئەدەبی کوردیدا دەبینین لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگر و ئەکادیمیانەوە زۆر زاراوەی جیاجیا بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە، کامەران موکری زاراوەی (گاڵتەوگەپ)ی لە هەمبەر زاراوەی ساتیر بەکارهێناوە.( موکری، 1984، 88) د. عزەدین مستەفا ڕەسول سێ زاراوەی وەکو (گاڵتەوگەپ و ساتیر و یەموور)ی بەکاربردووە. (ڕەسول،1979، 162) د. هیمداد حوسێن زاراوەی (گاڵتەوگەپ)ی لە هەمبەر ساتیر بەکارهێناوە. (حسێن، 2007، 202) جەبار ئەحمەد هەر زاراوە ئەوروپییەکەی وەکو خۆی (ساتیرا) بەکارهێناوە. (حسین، 2011، 13) بە هەمان شێوە حەمەسەعید حەسەن زاراوەی (ساتیر)ی بەکاربردووە (حەسەن، 2011، 5) هەروەك چۆن عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی و د. عەلی تاهیر بەرزنجی زاراوەی (ساتیر)یان بەکارهێناوە. (بەرزنجی، 2024، 316) لە ڕاستیدا مانای (گاڵتەوگەپ) بە هیچ شێوەیەك تایبەتمەندییەکانی زاراوەی (ساتیر) بە تەواوی لەخۆناگرێت و هەمان ماناش نابەخشێت. سەبارەت بە زاراوەی (تەنز)کە هەندێك ڕەخنەگر بەکاریان هێناوە، ئەوا بە ئاشکرا دیارە کە (تەنز) لە بنچینەدا وشەیەکی عەرەبییە، کەچی عەرەبەکان خۆیان بە دەگمەن نەبێت، بەکاری ناهێنن، بەڵکو فارسەکان لە ئەدەبەکەی خۆیاندا زیاتر زاراوەی (تەنز) بەکاردێنن، هەروەك سیماداد لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تەنز وشەیەکی عەرەبییە بە واتای گاڵتە و سوکایەتیکردن دێت)). (داد، 1378، 339)

هەر بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (ساتیر)مان بەکارهێناوە، چونکە دەبینین زاراوەی (ساتیر) بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگرانی کوردەوە بەکارهاتووە، هاوکات زمانی کوردیش توانای ئەوەی تێدایە، وشە و زاراوەی نوێ لە زمانەکانی دیکەی جیهان وەربگرێت و لەنێو زمانەکەیدا بەکاری بهێنێت، تاوەکو ئامانجەکەی خۆی بە تەواوی بپێکێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.1. چەمك و شوناسی ساتیر لە ڕوانگەی ڕەخنەگر و توێژەرانەوە

چەمك و شوناسی ساتیری ئەدەبی لەلایەن ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەدەبییەوە پێناسەی زۆری بۆ کراوە، پێناسەکان لەلایەن پسپۆڕانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و عەرەبی و فارسی و کوردییەوە خراونەتەڕوو، بەوەی لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجیان لێداوە:

(ئەبرامز) ساتیر پەیوەست بە هونەری ئەدەبێکی گاڵتەکاری دەکات، کە تێیدا سەرگەرمی ڕەخنەگرتن و سوکایەتیکردنە، لەهەمان کاتدا توڕەییش لە هەمبەر بابەتە سەرەکییەکە دەوروژێنێت، هەروەک دەڵێت: ((دەکرێ ساتیر بە هونەری ئەدەبی گاڵتەکردن بە بابەتێک وەسف بکرێت، بە سووکایەتیکردنی بابەتێک و وروژاندنی هەڵوێستی سەرگەرمی تەوس و کەمکردنەوە، یان توڕەیی بەرامبەر بەو بابەتە.)) (Abrams، 1999, 275) ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێت، کە مەبەستی نووسەر لە نووسینی ساتیر جگە لە خۆشیی و ئارامی بەخشین بە وەرگر، ڕەخنەگرتنە لە نەهامەتییەکانی ژیان لە میانی بەرهەم هێنانی تێکستێکی ئەدەبی و هونەری، بەوەی ((ڕەخنەگرتن لە کەموکورتییەکانی تایبەت بە مرۆڤ لەپێناوی ڕاستکردنەوەیاندا لەسەرەکیترین ئامانجەکانی ساتیرایە، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەم رەخنەگرتنەش ئەوەیە هونەری تێدابێت. لەپاڵ ئەمەیشدا وەك هەر هونەرێکی تری پێکەنین، ساتیرا هۆکارێکە بۆ وچاندانی دەروونی، کە پێویستییەکە بۆ بەتواناوبوونی مرۆڤ لە بەرهەڵستی کردنی کێشە و گرفتەکانی ژیاندا.)) (حسین، 2011، 46) دیارە ئەم تێڕوانینەش لەسەر بنەمای خاڵیبوونەوەی دەروونی ساتیرنووس بونیادنراوە.

سیماداد پێیوایە ساتیر ((لە دەستەواژەی ئەدەبدا ئاماژە بەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەدات، کە لە میانی بە بەکارهێنانی تەوەری ئایرۆنیدا، گاڵتە بە کەموکوڕی و ناشیرینی و گەندەڵی تاك و کۆمەڵگە دەکات.)) (داد، 1378، 339) لێرەدا دەبینین ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر خستنەڕووی لایەنە دزێوەکانی تاك و کۆمەڵگە لە تێکستی ئەدەبیدا دەکاتەوە، کە بە گاڵتە و ڕەخنەگرتن بارگاوی بووە. بەمەش دەتوانین بڵێین هەندێکجار ساتیر لە هەستێکی ناڕەوا سەرچاوە دەگرێت، بەوەی کاتێك مرۆڤ لاوازی لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی کەسانی دیکە یان ناهەمواری لە دیاردەیەك دەبینێت، ئەوا هەستی دڵخۆشی خۆی بەرامبەر بەو کەس و دیاردانە دەردەبڕێت و گاڵتەیان پێدەکات و دواجار ڕەخنەیان لێدەگرێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ساتیرنووس هەستێکی باڵای هەیە و خۆی پێ لە دەوروبەر بەرزترە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەگری ئێرانی (سەید ابراهیم عەلەوی) ساتیر وەکو ڕایەڵەی زمانی دەربڕین دەبینێت بۆ کۆکردنەوەی پرسی دەستنیشانکردنی نەنگی و کەموکڕییەکان و ئاراستەکردنی تیری ڕەخنە لێیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و دەرخستنیان بەیەك پاکێج، دواجار هەموو ئەمانەش بە هەبوونی بڵندگۆی ڕاشکاوی و ئازادی پەیوەست دەکات، هەروەک دەڵێت: ((ساتیر شێوازێکی تایبەت بە دەربڕین و دەستنیشانکردنی نەنگی و کەموکوڕییەکانە، ڕەخنەگرتنە لە ژیواری هەنووکەیی و باسکردنی کەموکوڕییەکانی تاک یان کۆمەڵگە بە شێوەی جەفەنگ و هێما، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە ڕاشکاوی و ئازادی لە ئارادا نییە یان سنووردار دەکرێت.)) (علوی، ۱۳۸۱، 63)

د. شێرکۆ عەبدوڵڵا ساتیر بە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و بە ئامانجێکی بەرز دەبەستێتەوە هەروەک دەڵێت: ((تەنز پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە و خوێنەر دەهێنێتە پێکەنین، هەروەها ئامانجێکی بەرزتری هەیە و مەبەستی مرۆڤ لە قوڵایی ناتەواوی و گەندەڵی و خراپەکارییەکان ئاگادار بکاتەوە، کەواتە ئەو پێکەنینەی تەنز بەرهەمی دەهێنێت پێکەنینێکی تاڵ و نائاساییە)) (عبدالله، 2012، 9) واتە لێرەدا سەرچاوەی پێکەنینەکە هەر تەنیا لەپێناو پێکەنین نییە، بەڵکو پێکەنینەکە لە دەرەنجامی دروستبوونی هەستی ناتەبایی و واتای پێچەوانە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش دواجار هۆشیاری بە خوێنەر دەبەخشێت.

حەمەسەعید حەسەن سنووری ساتیر فراوان دەکات و پێیوایە هونەرێکە بە گژ دیکتاتۆر و جەلاد دا دەچێتەوە و تاڵییەکانی ژیان لەلای خوێنەر بەشێوازێکی شیرین پیشان دەدات، هەروەک دەڵێت: ((ساتیرا بەباڵی تەوس و لاقرتێ دەفرێت، بێ سڵکردنەوە، ڕاستی دەڵێت، تیرێکە ڕوی لە سینگی جەلادە و دەستێکە تەوقە لەگەڵ دیکتاتۆردا ناکات. ساتیر خوێن شیرنانە باس لەلایەنە تاڵەکانی ژیان دەکات و گاڵتە ئامێزانە ئاوڕ لە کارەسات دەداتەوە و خوازیارە لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوسایی بگەشێنێتەوە.)) (حەسەن، 2011، 6) ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێت کە ساتیر ئەدەبێك نییە لە خزمەت دەسەڵات و ستەمکاراندا نییە.

بەم چەشنە دەتوانین بڵێین: ساتیر ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، شێواز و زمانێکی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، بەوەی بەشێوازێکی پێکەنیناوی تێکەڵ بە گیانی ڕەخنەگرتن پەردە لەسەر کەموکوڕییەکانی حاڵەتێك، دیاردەیەك، کەسێك، بیروباوەڕێك هەڵدەماڵێت. یان ڕەخنەی بونیاتنەر تێکەڵ بە گاڵتەکاری لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و کەسی...تاد دەگرێت، بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی ڕاستکردنەوە و چاکسازیکردن تێیاندا لەپێناو چاکەی گشتی. یاخود هەندێك جار بە زمانێکی هونەری تایبەت بە خۆی باس لەو شتانە دەکات، کە باسکردنیان لەنێو کۆمەڵگە قەدەغەیە.

کەواتە توێژەر و ڕەخنەگران، ساتیری ئەدەبی هەر تەنیا وەک ڕوانگەیەك بۆ جوانیناسی تێکستەکان و قووڵیی مانا ناڕوانن، بەڵکو وەک پێوەرێک بۆ توانای نووسەر لە هەمبەر ڕەخنەگرتن لە دیاردە دزێوەکانی نێو واقیع و خستەڕووی ئەفرێنەرانەی پرسە زیندووەکان لەسەر بنەمای شێوازێکی هونەری پێکەنیناوی هەژمار دەکەن، بەوەی دواجار ساتیر وێنەی ژیان بە ڕەنگێکی جوان دەکێشێت و هەستێکی ئارام و شاد لەلای وەرگر دروست دەکات و تاڵییەکانی ژیان شیرین نیشان دەدات و بزە دەخاتە سەر لێوی.

### 3.1. جۆرەکانی ساتیر:

پۆلێنبەندی جۆرەکانی ساتیر زۆرن، بەڵام ڕەخنەگران گرنگترین جۆرەکانی ساتیر لەمانەدا چڕدەکەنەوە: (محمدی و نوریان، 1401، 268- 276)

1.**ساتیری کۆمەڵایەتی**: ئەم جۆرە ساتیرە تایبەتە بە ڕەخنەگرتنێکی پێکەنیناوی لە هەندێك دابونەریتی دەقبەستووی نەخوازراوی ناو کۆمەڵ و ئەو لادان و کەموکوڕییانەی هەڕەشە لە هەڵوەشانەوەی بنەماکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەمەبەستی ڕیفۆرم و چارەسەرکردنی پرسە جۆراوجۆرەکان و، گۆڕانکاری و باشترکردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان، بە چەشنێك کە بەهای ئەدەبی و هونەری تێدا دەپارێزێت. ئەم جۆرە ساتیرە بە شێوازێکی گاڵتەئامێز پشت بە زمانێکی ڕوون و بەهێز دەبەستێت بۆ کاریگەری خستنەسەر هەستی خوێنەران و، گەیشتن بە ئامانجە چاکسازیخوازییەکان و ئاماژەدان و ئاشکراکردنی ئارێشەی کۆمەڵایەتی، نادادی کۆمەلایەتی، دواکەوتوویی، هەژاری، ئیرەیی...تاد. بەمەش ساتیرنووس سەرنجی کۆمەڵگە بۆ کێشە هەنووکەییەکان ڕادەکێشێت و بەشدارییەکی کارا لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک بە ڕێگەیەکی کاریگەری گاڵتەئامێزانە دەکات.

2. **ساتیری سیاسی**: ئەم جۆرە ساتیرە، بەشێوەیەکی ورد ڕەخنەی گاڵتەکاری ئاڕاستەی تاڵییەکانی ژینگەی سیاسی دەکات، بێ سڵەمینەوە گاڵتە بە پیاوە سیاسیەکان و ڕووداو و ناکۆکییە سیاسیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناڕەواکان دەکات، بەلاقرتێوە ئاماژە بە پێشێلکردنی ئازادی و نیگەرانیەکانی نەتەوە و نیشتمان دەدات و خوێنەر دەخاتە پێکەنین. واتە ساتیرنووس بە ڕاشکاوی و زمانێکی ڕوونەوە نەنگی و کەموکوڕییەکانی سیاسەتڤان و کێشە سیاسییەکان لەمیانی ساتیرەکەدا بە قووڵی تێکەڵ بە بەهای ئەدەبی دەکات، هەر لە میانی پێکەنینێکی تاڵدا دەسەڵاتە خراپەکار و ستەمکارەکانی دژ بە دیموکراسی و ئازادی شەرمەزار دەکات و هێرشیان دەکاتەسە.

**3.ساتیری کولتووری**: ئەم جۆرە ساتیرەیە، کە خاوەن پانتاییەکی فراوانە و پەیامێکی فیکری دەوڵەمەندی بەخۆوەهەڵگرتووە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نابێت، بەڵکو بابەتی فەلسەفی، بیروباوەڕ، زارەکی، سادە و ئاڵۆز، زانیاری، ڕۆشنبیری..تاد دەگرێتەوە. ساتیری کولتووری ڕەخنەی توندی گاڵتەجاڕانە ئاڕاستەی دزێوییەکانی بیروباوەڕی کولتووری تاك و کۆمەڵ و بەهای کولتووری گشتی خەڵك دەکات، کە پێیڕاهاتوون و لەسەری دەڕۆن. واتە ساتیرنووس بەشێوازێکی هونەری و ناڕاستەوخۆ سوکایەتی بە ژیواری هەنووکەیی و گەمژەییەکانی باوەڕی مرۆڤ و باوەڕی دواکەوتووانەی گشتی نێو خەڵك دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێوازێکی پێکەنیناوی پشت بە بەکارهێنانی وێنەی بەهێز و وشەی توند دەبەستێت بۆ خستنەڕووی کێشە و دیاردە کولتووریەکان هەرچەندە وەرگرەکە پێبکەنێت، بەڵام ئامانج لێی دەربڕینی ناڕەزایەتی و چاککردنیانە.

کەواتە هەرسێ جۆری ساتیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری، جگە لە بەدەستهێنانی جوانیناسیی ئەدەبی، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە ڕێگەی پێکەنین وەك شتێکی سروشتی و جەوهەریی لە ژیانی مرۆڤدا، دەتوانێت فۆڕمی جۆراوجۆری هۆشداری چاکسازی لە کۆمەڵگە بچێنێت، بەوەی هەرچەندە دەربڕینی ساتیرەکە بە ئازار بێت، کەچی گاڵتەکردنەکە بە تۆنی ڕەخنەگرتن هەوڵدەدات ئەو کەسەی گاڵتەی پێدەکرێت، سەرەتا هەست بە ئازار بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا وای لێبکات بەو زمانە گونجاوە ئاگاداری کەموکوڕی و ڕەفتارەکانی بێت، کە ئامانج لێی چاکسازیی مرۆڤەکان و ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەیە لەشێوەی هۆشداری. بەم چەشنە دەبینین دواجار ساتیر دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاك و ڕووبەڕووبوونەوەی خراپەکاری و کەموکوڕییەکان و ڕاستکردنەوەیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4.1. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ساتیر:

لە میانی وردبوونەوە و قووڵبوونەوە و خوێندنەوەمان بۆ ئەم بابەتە کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، دەشێ تایبەتمەندییەکانی ساتیر لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

1.ساتیر ڕێگەیەکە بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و ئاشکراکردنی دیدگا شاراوەکان و دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر پرسەکان.

2. جگە لە بوونی ئامانجێکی گەورە لە پشت ساتیر، لە میانی گاڵتەکردندا ساتیر پرسیار دەوروژێنێت و وەرگر هان دەدات تاوەکو بیر لە واقیع بکاتەوە و ڕیفۆرمی تێدا بکات، بەمەش لە چوارچێوەی کاتبەسەر بردن دەردەچێت.

3. شکاندنی ڕێسای توند و ستەمکارانەی نێو کۆمەڵگە و هاندانی گیانی گۆڕانکاری لەلای خوێنەر.

4. بەکارهێنانی ساتیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕەفتاری دزێوی تاکەکان، لە میانی ڕووناکی خستنە سەر کەموکوڕییەکان، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەیان.

5. ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی شەرمەزارکەر و چێژبینین لە زمانی ساتیری ئەدەبی.

6. بەرزکردنەوەی ورەی خوێنەر و نەهێشتنی فشار و چاندنی هەستێکی ئارام و خۆش تێیدا.

7. کەمکردنەوەی کێشەکانی ڕۆژانە و دەرکردنی وزە نەرێنی، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بێزاری و بێهێزی، ئەمەش لە ڕێگەی زمانی گاڵتەکردنەوە دێتەکایەوە.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی ساتیر وای کردووە (نۆرترۆپ فرای) بە ڕوونی بڵێت ((سەردەمی ئەمڕۆمان زستانی ژیانی مرۆڤە و ژانری ئەدەبی زاڵیش بریتییە لە ساتیر.)) (شمیسا، 1387، 44) ئەم تێڕوانینەش زیندوێتی پێگەی ساتیری ئەدەبی لەم ڕۆژگارەدا لەنێو کایەی ئەدەبیات بە ئاشکرا دەردەخات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# 2. تەوەری دووەم

# بەرجەستەبوونی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم)

## 1.2. ڕایەڵەی پەیوەندی ساتیر بە پێکهاتەی تێکستی ڕۆمانەکە

نووسینی ساتیر و سەرقاڵبوونی ڕۆمانوسان لەنێو ئەم جۆرە هونەرە ئەدەبییە، كارێكی ئاسان نییە، چونكە نووسینی ساتیر پێویستی بە توانایەكی زۆر هەیە، بەدیوێكدا توانای ئەوەی تێدابێت لەنێو خەیاڵی خۆیدا بە ئامرازی جۆراوجۆر ساتیر دروست بكات. بەدیوێكی دی بتوانێت ساتیرەكە پەیوەندییەكی قووڵی بە واقیعەوە هەبێت و خاوەن پاشخانێكی ڕۆشنبیریی فراوان بێت، بەوەی توانای تێگەیشتن لە بارودۆخەكان و بەستنەوەیان لە ڕووی مێژوویی و كۆمەڵایەتی و هونەرییەوە بەیەكەوە هەبێت. لەتەك ئەمەشدا پێویستی بە چاوێكی ڕەخنەگرانە و توانای دەرخستنی كەموكوڕییەكان هەیە، لەبەرئەوەی ڕۆماننووسی بواری ساتیری هەمیشە لە ڕێگەی ساتیرەوە هەوڵی گۆڕینی واقیع دەدات. ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێك بۆ سەر كێلەكەم) بەشێوەیەكی بەرچاو پەنای بردووەتە بەر بەكارهێنانی شێوازی ساتیر، بەمەش ساتیری وەك ستراتیژییەتێك بۆ نووسین، بۆ خستنەڕووی ڕاستییە تاڵەكان، بەشێوەی گاڵتەكاری بەكارهێناوە، لەسەر هەندێك پرس و دیاردە، كە پێویستیان بە هەڵوەستە و پرسیاركردن و ڕاستكردنەوە هەیە، بەمەبەستی گۆڕینی هۆشیاری گشتی تاكەكان لە ڕێگەی ساتیر و ڕەخنەی گاڵتەجاڕانەوە، بەمەش دواجار لە میانی تێكستەكەوە دەستوپەنجەی لەگەڵ پرسە زیندووەكانی تاكی كورد و كۆمەڵگەی كوردی نەرم كردووە، لەلایەك ڕەخنەی توندی لە بارودۆخی كۆمەڵایەتی و سیاسی و كلتووری داخراو و چەقبەستووەكان گرتووە، لەلایەكی دیكەوە هەستێكی شاد و چێژبەخشی لەمیانەی فۆڕمێكی هونەری بە وەرگر بەخشیووە و تێكستێكی داهێنانكارانەی بەرهەم هێناوە.

لەڕووی ستراکچەر و هونەری گێڕانەوە، ڕۆمانی (زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم) لە حەوت بەش و سەرە ناونیشان پێکهاتووە هەروەک لە هێلکاریی ژمارە (1) دیارە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی (1) هێلکاری ناونیشانی ڕۆمانەکە




ناونیشانەکان بە ستایل و هارمۆنیەتێکی ساتیرئامێز ڕەنگرێژکراون، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچنە نیو بازنەی هونەری ساتێر وەک ئەو ناونیشانانەی خوارەوە: (هاوڕێکانم بە دەمی پڕ لە میزەوە)، (ئوتێلی پێنج تەرسەقولی)، (وەرزی سوپا و بۆنی ژێر باڵی ژن)، (لە زیندانەوە بۆ نێو بانیۆ)، هەموو ئەمانە لەرووی هونەری ناونیشانەوە لەلای (جەبار جەمال غەریب) وەک رۆماننووسێک بووەتە مایەی ئەوەی لەرێگەی رایەڵەی هونەری ساتیرەوە سوود وەربگرێت، لەپێناو ئەوەی جۆرێک لە چێژ و خرۆش لە هونەری گێڕانەوەکەی بسازێنێت. بەمەش دەبینین ڕۆماننووس هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێك ڕستە و دەستەواژەی ساتیرئامێزی بۆ ناونیشانەکان بەکارهێناوە. لەرووی ناوەرۆکیشەوە دەشێ بەشێک لە لقە ناونیشانەکان هەڵگری جۆرێک لە وێناگەلی فەلسەفی و مەعریفی نمایش بکەن، بۆ ئەوەی بەدیوێکی ساتیرئامێزانە ڕەخنە لە فەرهەنگ و کلتووری کۆمەڵگە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە بگرێت، لەپێناو چاکسازی کلتووری و گۆڕین و ئارستەکردنی کۆمەڵگە لە خاڵی وەستاو و چەقبەستوو، ڕووەو کۆمەڵگەیەکی کراوەی شارستانی، بۆیە ڕۆماننووس هەوڵی داوە ئەمانە لەنێو بنیاتی هونەری گێڕانەوەکەدا بەرجەستە بکات.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا لە میانی خستنەڕووی ساتیر، هەوڵی داوە هۆشیارانە ڕایەڵەی گێڕانەوەکەی بەشێوەیەکی هونەرییانە بخاتەڕوو، بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێت، کە زیاتر ئامانجێکی مەعریفی و فەلسەفی قووڵی لە پشتە، بەوەی: ((گێڕانەوە سەرچاوەیەکی هزرییە بۆ بەرهەمهێنانی واتا)).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(سەڕاج، ٢٠١٨، 69) لێرەدا ئەم مەبەستە هزرییە لەپێناو بەرهەمهێنانی واتاگەلێکی مەعریفییە، کە خاڵی دەسپێک و کۆتایی و سێنتراڵی نووسەرە، تاوەکو لەڕێگەی زمانەوە هزر و مەعریفەیەکی قووڵ بەرجەستە بکات.

جگە لەمەش دەشێ نووسەر لەپێناو ئەوەی پێکهاتەی گێڕانەوەکانی ڕووە و فەزایەکی میتاگێڕانەوەیی هونەری بەجێ بهێنێت، هەموو ئەمانە لەپێناو فۆرمێکی هونەرییانەی ساتیرئامێز دایە، ئەمەش لەڕێگەی دەیان ئاماژە و جووڵەی هونەریی و زمانی شیعریی و هارمۆنیەتێکی دەلالی، رستەکانی جێگیر دەکات، بۆ ئەوەی وا لە تاکی وەرگر بکات موچڕکە بیگرێت و هەنگاوبنێ ڕووەو نێوەندێتی خود و فەلسەفەی خودگەرایی، ئەمەش دەپەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە مەعریفەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی ئەنتۆلۆژییانە.

هاوکات بۆ ئەوەی نووسەر وا لە خوێنەر بکات بەشداری کارای هەبێ، وەک تاکێکی بەرهەمهێنی مانا هەڵگر، تاوەکو لەتوانایدا هەبێ شۆڕببێتەوە بۆ نێو درز و بۆشاییەکان و دەلالەتە شاراوەکان بدوێنێت و وەک خوێنەرێکی زرنگ بەشداری کارای لە بەرهەمهێنانی واتا هەبێت و بەپێی ئەو ئاستە مەعریفیی و شارەزاییە خودییەی، کە هەیەتی بۆشایی و درزەکانی تێکست پڕبکاتەوە، بەوەی ((ئەدەب هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی لایەنە نادیار و پەنهانەکانی بوونی مرۆڤ.)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٦) واتە ئەوە کاری ئەدەبە قسە لەسەر لایەنە نادیارەکانی بوونی مرۆڤ بکات.

لەم رۆمانەدا ڕۆماننووس هاتووە دوو بازنە و دوو رایەڵەی فیکری لەڕووی ئۆبژەوە ئاوێتەی یەکتری بکات، بەمەش دوو چیرۆک و دوو بەسەرهات دەخاتە نێو یەک بۆتەی گێڕانەوە، کە دەشێ وەک هونەری مێتاگێڕانەوە بەرجەستەی بکەین. لە چیرۆک و سەرگوزشتەی یەکەمدا مەینەتییەکانی کردەی خوێندنەوە و نووسین و خەمی کلتووری خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت بەتایبەت لە زەمەنی ئێستادا، زەمەنی هەڵوەرینی بەها مەزنەکان و گۆڕانی ستایل و مۆدی ژیان و هەژموونی تەکنەلۆژیا و بەزینی پەیوەندییە مەعریفییەکان، کە لەلایەن تاکی (خوێنەر/ نووسەر) هەر لە هەناوی ئەم خستنەڕووە ئاوێتە دەبین لەتەک چیرۆک و بەسەرهاتی (کوڕەی عاشق) کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی لەوساتەی بۆ جێژوان لەگەڵ کچەی عاشق لەسەر بانی مزگەوت بۆ خۆ شاردنەوە دەچێتە نێو تابووتێک لەنێو حەوشی مزگەوت، کەسانی دژە عەشق کاتێك بەوە دەزانن، دێن سەری تابووتەکە بزماررێژ دەکەن. چیرۆکی دووەم تایبەتە بە نووسینەوەی ژیانی سەرۆک، کە کارەکتەرێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیکەی نێو ڕۆمانەکەیە، دروستکردنی لەتەک گێڕانەوەی ژیانی خۆی وەک نووسەرێکی خوێنەری گێڕەرەوە کە ناوە ناوە، باس لە شاڵاوی ئەتککردنی کێشەکانی دەکات بەشێوەیەکی ساتیرئامێز. هەموو ئەمانە خوێنەر هاندەدەن بۆ ئەوەی بەشوێن درزەکانی دەق بگەڕێت و بە تاسەوە ئاوێتەی دونیای گێڕانەوەی چرکەساتی چیرۆکەکانی وەک چێژوەرگرێکی ئێستاتیکی و مەعریفی قووڵ شۆڕببێتەوە بۆ هەڵگرتنەوەی دەلالەتە نەگوتراوەکانی تێکست.

## 2- جۆرەکانی ساتیر لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم)

ئەم ڕۆمانە هەڵگری چەندین جۆری ساتیرە، کە گرنگترینیان بریتین لە ساتیری (کۆمەڵایەتی، ساتیری سیاسی، ساتیری کولتووری)، لێرەدا ئاماژە بە ناوەڕۆکیان دەدەین لەتەک شیکردنەوە و خوێندنەوەی ڕووداوەکان و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە شاراوەکانی دەق.

### 1.2. ساتیری کۆمەڵایەتی:

ساتیری کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم) بایەخێکی زۆری پێدراوە و پانتاییەکی فراوانی گرتووە. لەم جۆرە ساتیرەدا، نووسەر لە فەزای ئەم تێکستەدا، دەیەوێت ئاگایانە کار لەسەر کێشە و ئاریشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە بکات، پەردە لەسەر سەرجەم جومگە چەقبەستووەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییە پاسیڤەکان هەڵبداتەوە، ئەویش بە هەڵگرتنەوەی دەیان نموونەی زیندووی نێو کۆمەڵگە، بەمەش دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، کۆمەڵگەی داخراوی نێو جوگرافیای ڕۆژهەڵات پڕیەتی لە دیاردەی قێزەون و ناشرین، ئەوەی لای ئێمە گرنگە، پێویستە ڕۆشنایی بخەینە سەر، ئاماژەکردنە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دیاردە دزیوەکانی نێو کۆمەڵگە، لە ڕێگەی زمان و ستایلێکی ساتیرئامێزانە. هەروەك دەبینین لە ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس بەشێوەی ساتیر باس لە چڵکنی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە بەم شێوەیە لە تێکستەکەدا هاتووە: ((هەرچەند لەو وڵاتەدا بەهەر کۆلانێکدا دەڕۆیت ئاو فڕکان فڕکانیەتی و کەچی لەهەر پێنج پیاو کە لەولا و لەولا، یان لەسەری کۆڵانەکان چاوت پێیان دەکەوێت یان وەستاون و جارێ هەر هەڵمی گو لە دەستیان بەرز دەبێتەوە و قسە دەکەن لە هەموو بارێکدا لەهەر پێنج پیاو چواریان خەریکی گون هەڵکراندنن. من تا ئێستا ئەوەم لە ژنەکان نەدیوە هەر چەندە ئەوانیش لە پیاوەکان خۆنەشۆرتر و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆگەنترن.)) (زێبرا،2014، ١٠) لێرەدا ڕۆماننووس بەشێوەی ساتیر باس لەوە دەکات ئەگەرچی بەردەوام ئاو لە کۆڵانەکاندا بە هەدەر دەدرێت، کەچی تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەردوو ڕەگەزیانەوە خەریکن لە پیسیدا نغرۆ و بۆگەن دەبن و جەستەیان دەبێتە مەڵبەندی میکرۆب و کێچ لە پیسیدا، هۆکاری سەرەکی وێنەکێشانی ساتیرەکەش بە شێوەی پێچەوانە و ناتەبایی خراوەتەڕوو، کە تێیدا هەبوونی ئەو هەموو ئاوە زۆرە بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر شکاوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ فەرامۆشی بەهای پاکوخاوێنی لەناو کۆمەڵگە.

هەر لەنێو تێکستی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس باس لە ستایل و شێوازی جل و بەرگی کوڕە عاشقەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات، کە چۆن نەفامانە کاوێژی ستایلی کۆمەڵگە بیانییەکان دەکەنەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن: ((عاشقە نەفامەکانی ئەو شارە هەزەلییەی من، هەروان، هەرکە دەگەنە ترۆپکی عەشق و کەریەتی زۆر بە تاس و گەرمییەوە حەزیان دەچێتە کراسی سپی ئێخە پان و پانتۆڵی قوون دەرپەڕێنەوە، لە هەمووشی سەیرتر دەبنە هیندی و دین و ئیمانیان دەبێتە گۆرانی هیندی.)) (زێبرا،2014، 18) لەم تێکستەدا ڕۆماننووس بەشێوازی ساتیرئامێزانە باس لە دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی دەکات، ڕەخنە لە گەنجەکان دەگرێت و بە گاڵتەجارییەوە عەشقەکەیان دەخاتەڕوو، دواجار ئاماژە بۆ کاڵبوونەوەی بەهای نەریتی پۆشینی جلوبەرگی ڕەسەنی کۆمەڵگە و تێکچوونی چێژی هونەری کوردی دەدات.

ڕۆماننووس لە میانی ساتیری کۆمەڵایەتییدا بەتوندی ڕەخنەی ساتیرئامێز لە هەندێك دیاردەی دواکەوتووانەی نێو کۆمەڵی کوردی دەگرێت بە چەشنێك زۆرجار بابەتی گاڵتە و ساتیرەکە هێندە ئاوێتەی یەکتر دەبن، کە جیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت. یەکێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانە، بریتییە لەو باوەڕە داخراوە هەزاران ساڵییە، کە تاکەکان باوەڕێکی تەواویان بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، تەنانەت ئەوان بەردەوام شەڕ لەسەر پاراستنی ئەو نەریتە کۆنەیان دەکەن، بەوەی دەبێت لە ڕۆژی جەژندا هەر لەگەڵ یەکەم دەنگی کەڵەشێرەکانی گەڕەک بەناوی جەژنانەوە سەردانی ماڵە دراوسێکانیان بکەن، هەروەك لە تێکستەکەدا هاتووە: ((ڕێزیک پیاوی ناشرین و پێست ئەستوور و ڕۆح زبر بە خۆیان و بۆنی فاسۆلیا و قەیسی جووراو و بۆگەنی گۆشتی نیوە کولاو و پێشاوی نێوان ددانە کلۆرەکانیان پرم دەدەنێ و وەک پەڕۆ ماچم دەکەن. تەوقەم لەگەڵدا دەکەن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیرۆزبایی و پێکەنینی سەخیف و بێ سەروبەر و هیچ و پووچم بە ڕوودا دەکەن. هێرشی پیاوانی جەژن وەک میروو لەژێر پێڵاوەکانیاندا پانم دەکەنەوە.)) (زێبرا،2014، 34)

لێرەدا ڕۆماننووس گاڵتە بەوانە دەکات کە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی کات و ساتی سەردانیکردن، بە هەر هۆکارێکەوە بێت، ڕەنگە زۆر لە ماڵەکان هێشتا لەخەو هەڵنەستابن، وەک فیشەک خۆیان بەنێو ماڵەدراوسێیەکان دەتەقێننەوە. ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەش ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بەمەش نووسەر توانیویەتی لە میانی بەرجەستەکردنی ساتیرەکەدا گاڵتە بە ڕەفتارە دزێوەکانی کۆمەڵ بکات، کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن و بە شێوازی ساتیرئامێز ڕەخنەیان ئاڕاستە دەکات، هەر ئەمەشە بنیاتی بەرجەستەکردنی ساتیرەکەی لەسەر دروست بووە.

ڕۆمانووس هەر لەتێکستەکەدا لە ڕوانگەی (کارەکتەری سەرەکی) ئاماژە بە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگە و خانەوادەی حەکایەتخوان بە ستایلێکی هونەرییانەی ساتیرئامێز دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە خێزانەکەی دژی ئەو رایەڵانەن، کە هۆکاری پێشخستنی کۆمەڵگە و کرانەوەی فیکر و مەعریفە و شارستانییەتن، ئەویش کتێب و کتێبخانەیە لەنێو ماڵەکاندا، کارەکتەری نووسەر وەسفی ژووری کتێبخانەکەی دەکات و ترسی ئەوەی لێدەنیشێت نەبادە کتێبە دانەسقەکانی لەلایەن خێزانەکەیەوە لە پەنجەرەوە فڕێبدەنە دەرەوە، بە بیانوی شوشتن و خاوێنکردنەوەی ماڵ بەر لە جەژن، ((بە بیانووی خاوێنکردنەوە و ماڵ شووشتن تەواوی کتێبەکانم لە پەنجەرەوە فڕێدەنە حەوشە و ژوورەکەم پڕ دەکەن لە ئاو و کەف و زاهی.)) (زێبرا،2014، 36) لێرەدا ڕۆمانووس بەشێوازی ساتیر ئاماژە بە هاتنەوەی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو جەژن دەدات، تێیدا ڕەخنە لە خێزانی کوردی دەگرێت، بەوەی لەگەڵ هاتنەوەی جەژن هەموو ماڵەکە تەنانەت ئەگەر پاك و خاوێنیش بێت، هەر دەبێ بدرێتە بەر فاس و ئاو زاهی، ئەمەش بە دیوێکدا بووەتە دەردێکی کۆمەلایەتی. بەدیوێکی دی لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا ئاماژەیە بە بێنرخکردنی بەهای کتێب لەناو کۆمەڵگە.

ڕۆمانووس لە ڕیگەی ستایلێکی ساتیرئامێزانەوە ڕەخنە لە دیوە دزێوەکانی کۆمەڵگە دەگرێت، بەوەی لەڕووی مەعریفییەوە ناوەویان پڕە لە وێرانەیی، ڕق ئەستوورن بەرامبەر نووسەرانی جیهانی و کتێب و مەعریفە و ئامرازەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، تەنانەت بەپێچەوانەی ڕاستییەکان وا تێگەیشتوون کتێب هۆکاری بۆگەنکردنە، ((دەزانم هەر ئەو بۆگەنە بگاتە لووتیان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کتێبی براکوژی کازانتزاکی دەخەنە ستڵێک کەفاوی موعجیزەوە، تاوان و سزای داستایۆفسکی بە سیم و بڕبەند دەکرێنن. دۆن کیشۆتەکەی سێرڤانتس یەکڕاست دەخەنە بیری ئاودەستەوە، هەر زوو ڕیشە درێژەکەی تۆلستۆی دەگرن و وەک منداڵ بە دەرپێیەکی سپی کورتەوە لەوەختێکدا شەڕو ئاشتییان لەسەر پشتی بارکردووە، دەخەنە بەر دوشی حەمام. ئەوەندەی ئاوی پێدا دەکەن و سابوون لە سەر ڕیشی دەخشینن، کە ئەو پیاوە خانەدان و بە تەمەنە تا قیامەت بترپێت.)) (زێبرا،2014، 37) بەهەمان تێڕوانین سەیری ئەدیب و نووسەرانی نەتەوەکەشیان دەکەن، ((ئەو شێخ ڕەزا قۆشمەیە بەسەر چاوەی قسەی بۆگەن و ڕزین دەزانن و هەر ڕاست دەیخەنە ناو بەرمیلێک ئاوی کوڵاوەوە.)) (زێبرا،2014، 37) تەنانەت لە بەرامبەر فەیلەسوفەکانیش هەمان تێڕوانینیان هەیە، ((هەر ئەو بۆن و ڕزینە بە لووتیاندا بچێت. نازانم بەچەند کەس هێرش دەکەن و بە چەند کەس بێرناردشۆ دەگرن، ئەو فەیلەسووفە سەر و ڕیش سپی و سەنگینە ئەوەندە بچووک دەبێتەوە بێ گومان لە شەرمان لەسەر بەردەستیان دادەنێن بە فلچەی بچووک و پان ڕیشە درێژ و بن هەنگڵ و سمتەکانی دەشۆن.)) (زێبرا،2014، 38) لە میانەی هەموو ئەو رستە و وەسفە ساتیرئامێزە پڕ هونەرییانەوە، بە دەربڕینێکی پێکەنیناوی، ڕۆماننووس لەلایەک دەیەوێت ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی دیاردە دزێوەکان بکات، بەوەی بە دیوێکدا هاتووە لە میانی وریاکردنەوەی کۆمەڵ، ڕەخنەی جددی بە شێوازی گاڵتەئامێز لە گەمژەیی بەشێکی کۆمەڵی کوردی دەگرێت، کە لە نرخی ئاڵتوونی نووسین و ئەدەب و فەلسەفە و مەعریفە تێناگەن، ڕێز لە بەهای داهێنانی شاعیر و فەیلەسوف و نووسەرانی ناودار ناگرن، بە دیوێکی دی ڕۆماننووس ئاماژە بە نزمبوونەوەی بەهای ئەرکی ڕووناکبیری لەلای کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی ئاستی گەمژەیی کۆمەڵگە دەدات. لێرەدا هۆکاری وێنەکێشانی ساتیرەکەش بە شێوەی پێچەوانە و ناتەبایی خراوەتەڕوو، کە تێیدا گەمژەییەکە بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر شکاوەتەوە، هەر ئەمەشە بونیاتی ساتیرەکەی بەرجەستەکردووە، بەمەش دواجار لە تێستەکەدا توخمی گاڵتەکردن و پێکەنین بە شێوەیەکی هونەری ئاوێتەی یەکتری کراون، ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ((ڕەگەزی پێکەنین/ گاڵتەجاڕیی لەم دوو جۆرەی هونەردا تەنیا بۆ پێکەنینی ڕووت نییە، بەڵکو پێکەنینە بە گەمژەییە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ، پێکەنینێکە قەتماغەی برینە سەخت و لەبیرکراوەکانی مرۆڤ دەکولێنێتەوەو دەبێتە هێما بۆ وریابوونەوە لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان.) (عەلی و عەزیز،2011، ١٥٠) بەم چەشنە گەمژییەکانی بەشێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەی کوردی بە ستایلێکی ساتیرئامێزانە لەلایەن ڕۆمانووسەوە وەکو دەردێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی لێگیراوە.

هەر لە تێکستی ڕۆمانەکەدا کاتێك ڕۆماننووس ئاماژە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو چەمکی عەشق دەدات، کە چەندە چەمکێکی قووڵی پڕ لە ئیرۆسییەتە، تێیدا چیرۆکی کوڕەی عاشقی نێو تابووتە بزمارڕێژکراوەکەی نێو حەوشی مزگەوت دەخاتەڕوو، کەچی دەبینین لەنێو کۆمەڵی ڕۆماننووسدا عەشق دیاردەیەکی دزێوی لەعنەتییە و بە هۆکاری داروخانی خێزان لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە کارەکتەری عاشق بزمارڕێژ دەکرێت، بۆ ئەوەی ببێت بە پەند، چونکە بەلای  ئەوانەوە پارە و باڵەخانە و سووڕی ژیانی زیندەوەرییانە، گرنگترە لە سووڕی بوونگەراییانەی ئینسانییانە. بەم چەشنە ڕۆماننووس بەراوردی عەشق وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دیاردە دزێو و ناشرینەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات، بەمەش دەیەوێ خوێنەر لەوە هۆشیار بکاتەوە، کە کۆمەڵگەکەی چەندە لە شارستانییەت و کرانەوە و ئازادی بە دوورە، هەروەك لە تێکستەکە هاتووە: ((عەشق گرنگترە یان بنکڕ و زاوای نەحلەتی! عەشق گرنگترە یان دوو شەیتانی خانەنشینکراو! عەشق گرنگترە یان قسەی قۆڕ و پەرلەمانتاری هاوڕێم! عەشق گرنگترە یان قۆپچەی پاڵتۆی کچەکەم! یان گەڵوگونی پۆلیسەکانی هاتوچۆ!)) (زێبرا،2014، 62) ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێت، کە کۆمەڵگە دوور لە شارستانییەکان ژیانیان بریتییە لە ژیانێکی زیندەوەرییانە، بەوەی خەونیان بریتییە لە ژن و ڕابواردن و مەستبوون و سامان، ئیدی مەستبوون بەلایانەوە ئەوپەڕی ئاواتیانە و پێیانوایە سەردەمی عەشق و خۆشەویستی نەما، بەڵکو سەردەم سەردەمی مەستبوونە، هەروەك لە تێکستەکەدا هاتووە: ((مەست بوون بە بۆنی ژن خۆشترین سەردەمی ژیانە، دنیا گۆڕاوە... ئێستا سەردەمی ژن و تریاکە.)) (زێبرا،2014، 101) تەنانەت ڕۆماننووس لەم تێکستەیدا بە شێوەی ساتیرئامێز وەسفی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکات و هەوڵ دەدات ئەوە بخاتەڕوو، کە ئێستا سەردەمی پروپووچی و بێهودەییە، سەردەمی ئاوابوونی خۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و شارستانییەتە بە دیوە مەعریفییەکەی، سەردەمی فۆڕمسازیی و بەتاڵبوونی جەوهەر و بەهایە.

بەم چەشنە  (جەبار جەمال غەریب) لە میانی خستەڕووی شێوازێکی ساتیرئامێزانەوە هەوڵی داوە لە چوارچێوەی خستنەڕووی ساتیری کۆمەڵایەتی، ڕەخنە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دابونەریتی کۆن و دواکەوتووانە بگرێت، بەو مەبەستەی ڕەخنەی ساتیر ئامێزانە بکات بە چەکێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەر، بۆئەوەی بەشێوازێکی بەرزی هونەری گوزارشت لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەمەش بە شێوازێکی هونەری لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو.

بەم چەشنە (جەبار جەمال غەریب) لە میانی خستەڕووی شێوازێکی ساتیرئامێزانەوە توانیویەتی لە چوارچێوەی خستنەڕووی ساتیری کۆمەڵایەتی، وێنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دابونەریتی کۆن و دواکەوتووانە بکێشێت و ڕەخنەیان ئاراستە بکات، بەو مەبەستەی ڕەخنەی ساتیر ئامێزانە بکات بە بنیاتێکی هونەری، بۆئەوەی بەشێوازێکی ئیستاتیکی گوزارشت لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان بکات و بە شێوازێکی هونەری لە ڕۆمانەکەدا بیانخاتەڕوو.

## 2.2. ساتیری سیاسی:

(جەبار جەمال غەریب) لەبارەی ساتیری سیاسییەوە دەیەوێت کار لەسەر رایەڵە هزرییەکان بکات، بۆ ئەوەی وەرچەرخانێکی ئاگایانە بسازێنێت و ئیرادە بە مرۆڤەکان ببەخشیت، بەو مەبەستەی لە هەناوی ئەم کایە داخراوە رزگاریان بکات، بەردەوام بەشوێن دەرچەیەک دەگەڕێت، کە لە توانای دا هەبێ هێز بە کارەکتەرەکان ببەخشێت تاوەکو خەونەکانیان لەبارنەچێت، کە دژ بەو سیستەمە باوکسالارییە بێنە دەنگ، بەر لەوەی ڕووبەڕووی کوشتن ببنەوە. جگە لەمەش ڕۆماننووس دەیەوێت بەردەوام بەم ڕستە ساتیرئامێزانە ئاگاییەکی مەعریفی و هزری لای تاکەکان دروست بکات و دەنگی ناڕەزاییان تێدا بخولقێنێت، بۆ ئەوەی دژ بەم کلتووره داخراوە، کە پڕیەتی لە ترس، نامۆیی، کوشتن، بەرخودان سازبکەن. ئەوەی لای خوێنەر گرنگە و پێویستە ڕۆشنایی بخرێتەسەر، ئاماژەکردنە بەو دیاردە سیاسییە دزێو و ناشرینانەی نێو کۆمەڵگە، کە (جەبار جەمال غەریب) وەک ڕۆماننووسێکی ئاگامەند، لە ڕێگەی ئەو زمان و ستایلە ساتیرئامێزانەیدا خستوونیەتییە بەر دەست، بۆ ئەوەی شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

ڕۆماننووس کاتێك باس لە ژینگەی سیاسی و گاڵتەکردن بەو پیاوانەی بانگەشەی ئازادی، پێکەوەژیان، دیموکراسییەت دەکات، هاوکات شەرمەزارکردنی ئەو پیاوە سیاسییانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبن بە پێشێلکاری ئازادی، ئەوا ئاماژە بە دیاردەی هەڵبژاردن و سەرۆک دەدات، لە ڕێگەی کردەی هەڵبژاردنی سەرۆک، بە ستایلێکی ساتیرئامێزانە ڕەخنە ئاڕاستەی پیاوانی سیاسی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆمـانووس کاتێـك بە وریـاییەوە بـاس لە کـردەی سـازکردنی کارەکتەرێـك دەکـات، کە ڕۆڵـی سـەرۆکێك لەنێـو تێکسـتەکەیدا دەگێڕێـت، لەپـاڵ ئەوەدا ڕەخـنەی سـاتیرئامێزانە لە یەکە یەکەی سەرۆک و پادشا و میر و سەرکردە دیکتاتۆرەکان و تەنانەت سـەرۆک گروپ و دەستە بچووکەکـان و هەرچـی پیـاوکوژ هەیە، دەگرێـت، کە لەڕیـگەی سـواڵکردنی دەنـگەوە لەنێـو پرۆسـەی دەنگـدان دەردەچێت، دواتر هەر لە ڕێگەی دەنگی خەڵکەوە دەبن بە بەرپرسی باڵا و خەڵك دەچەوسێننەوە، بەڵام ئەو سـەرۆکەی ڕۆمـانووس دەیەوێـت دروسـتی بکـات زۆر جیـاوازە، بەوەی ئەو سـەرۆکە لەڕیگەی دەنگدانێکی ئازاد و خاوەن شەرعییەت دەردەچێت، کە زۆرینەی میللەت بە ویستی خۆیـان دەنگی پێدەدەن، کاتێکیش ئەو سەرۆکە دەردەچێت، ئەوا دەبێ لە خەمی هەمووواندا بێـت، شـەو ڕۆژ لە پێنـاو بە دامودەزگـاکردنی کـۆمەڵگە کـار بکـات، سـەرووەریی بـۆ وڵات بگەڕێنێـتەوە، لەپێنـاو سەرخستنی وڵات کاربکات، هەروەك ڤەگێڕ دەڵێت: ((باوەڕم بە خۆمە، سـەرۆکێک دروست دەکەم لە هیچ لەو سـەرۆکانەی دنیا نەچێت. مـن مێـژووی هەموویـان دەزانـم لە پادشـا و میـر و سـەرکردە و دیکتاتۆرەکانەوە تا سەرۆکی دەستە و تاقمی بچووک و تیرۆریست و پیاوکوژ و حیـز هەر هەموویـان سواڵیان کردووە، لەبەر خەڵک پـاڕاونەتەوە، ئـا، سـواڵی سـەرۆکایەتییان کـردووە. ئەو سـەرۆکەی مـن دروستی دەکەم لە هەموویان جیاوازترە، هەمووشیانە و هیچیشیان نییە.)) (زێبرا،2014، 48) دیارە ئەمە گاڵتەکردنە بە بارودۆخی سیاسـی و هەڵبژاردنـی سـەرۆکە دیکتاتۆرەکـان و چوانـدنی پرۆسـەی دەنگدانە بە سواڵکردن و پاڕانەوە لەخەڵك بەشێوازی ساتیرئامێزانەوە.

ڕۆمـانووس جـارێکی دی بەشـێوازی سـاتیرئامێزانە و گـاڵتەوە گوزارشـت لە بـارودۆخی سیاسـی دەکات و توانج لە ئاکاری کـارەکتەری سـەرۆک دەدات، هەروەك لە تێکسـتەکەدا هـاتووە: ((کێشـەکەی مـن ئەوەیە نابێـت سـەرۆک هەر لەو سـەرەتایانەوە باڵنـدەکوژ دەربچێـت و ناشـبێت مێبـاز بێـت.)) (زێبرا،2014، 49) لێرەدا ڕۆمانووس لەڕێگەی ئەو جۆرە ڕستە ساتیرئامێزانە، کە لە ڕێـگەی کـردەی پـێچەوانە و هەڵگەڕاوەیـی دەلالەتەکانیـدا خـراوەتەڕوو، بەوەی لەنێـو کـۆمەڵگەی کـراوەدا سـەرۆك کەسایەتییەکی خۆشەویست و بەهێزی هەیە و خاوەن ویقارە، ئەرکی ئەوەیە کار لەسەر دۆزە ڕەوا و پرسـە گەورەکـانی وڵات بکـات، کەچـی لەم کۆنتێکسـتەدا سـەرۆك وەك کەسـێکی لەدەر و بکـوژ باسکراوە، ئەمەش بە پێچەوانەی پێشبینی خـوێنەر شکاوەتەوە، بەم شـێوەیە دەبینـین ڕۆمـانووس کارەکتەری وێنەی سەرۆکی لەنێو کۆمەڵگە داخراوەکان وەك کەسێکی بێ مۆڕاڵ کێشاوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆمەڵگەی داخراودا کارێکی نامۆ و پێچەوانەیە، کە سەرۆک لەپێناو تاکەکانی کۆمەڵگەوە گیانی خۆی بخاتە مەترسی، هەروەك ئەو سەرۆکەی ڕۆماننووس دروستیکردووە، کە سەرۆکێکی گیانفیدایە، بەم شێوەیە لە تێکستەکەدا بەشێوازێکی گاڵتەکردن و بە زمانێکی زبر گوزارشتی لێکراوە: ((سەرۆک گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە هەتا دوژمنی دڵ ڕەق، هەتا سەربازانی وێرانکەر لەو ژنە گەنجە دوور بکەونەوە کە لەلایەک سەری مێردە بریندارەکەی خستۆتە سەر ڕانی و لەلایەکی دیکە مەمکی خستۆتە دەمی منداڵە ساواکەی تا هەم شیر بخوات و هەم بێدەنگ بێت. دەبێ ئەو دیمەنە جوانتر دابڕێژمەوە، بیگەیەنمە ترۆپک، حەماسێکی ئەوەندە مەزن و گەورە دروست بکات خەڵکەکە قونیان لەگەڵی بتەقێ.)) (زێبرا،2014، 56) ڕۆماننووس پێیوایە سیاسەت لەناو کۆمەڵگە بێهودیە، بۆیە لە ڕێگەی نمایشی دیمەنێکەوە گاڵتە بەسەرۆك دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت، بەوەی چەندە سەرنجڕاکێشە کاتێك گیانی خۆی بخاتە مەترسی و گیانفیداییانە دێتە بەردەم دوژمن. لێرەدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەو دیمەنسازکردنەوە دەیەوێت جۆرە حەماسێک بەشێوازی ساتیر بخوڵقێنێت، ئەمەش جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە پێگەی سەرۆک لەنێو کۆمەڵگەیەکی خەساو و چەقبەستوو، بەوەی هەرچی مرۆڤایەتییە لە کەسایەتی ئەودا نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر خراوەتەڕوو.

ڕۆماننووس بە شێوازی ساتیر و گاڵتەوە گوزارشت لە بایەخی سەرۆك لەناو کۆمەڵگە دەکات، هەروەك لە تێکستی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((دەبێ بڕۆم و فریابکەوم، نابێ سەرۆک بڕزێ. نیشتیمان بەرگەی بۆنی ڕزینی عەشق دەگرێت، بەڵام بەرگەی بۆگەنی ڕزینی سەرۆک ناگرێت.)) (زێبرا،2014، 71) لەم کۆنتێکستەدا ڕۆماننووس بە گاڵتەجاڕییەوە دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا ئاساییە عەشق، کە ترۆپکی ئەتمۆسفێری ئیرۆسییەتە و هەموو رایەڵەکانی ژیان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کەچی ئاساییە ئەو ترۆپک و پێگەیە نەمێنێت و هەرچی ئیرۆسییەتە بفەوتێت، بەڵام نابێت سەرۆک و دەستەکەی ئازاریان پێ بگات، چونکە سەرۆک گەورەترە لە عەشق، لە ئیرۆس، لە ژیان، لە سەرووەریی، لە هەموو کایەیەکی نێو بوون، بەمەش ڕۆماننووس بە گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنە لە بارودۆخی سیاسی دەگرێت و بە بێهودەی لەقەڵەم دەدات.

ڕۆماننووس لە میانی کردەی سەرۆکسازکردندا، باس لە هەڵبژاردنی سەرۆک و نووسینەوەی ژیانی سەرۆک لەلایەن خەڵک دەکات، تێیدا لە ڕێگەی هێنانەوەی چەندین دیمەن و وێنەی شێوەکاریی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوازی ساتیر ئامێزییەوە گاڵتە بە خەڵکە مێشك ڕۆبۆتییەکان دەکات، کە لەلایەن سەرۆک و دارودەستەکانی خەسێنراون، پێیوایە هەرچەندە هەموو ژیانی سەرۆک پڕە لە خوێنڕشتن و ماڵکاولی خەڵک، هاوکات نیشتمانیش بە دەستەکانی سەرۆک و دارودەستەکەی سوورە، هەروەك لە تێکستی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((ڕۆژ بە ڕۆژ لاپەڕە سوورەکانی ژیانی سەرۆک زیاتر دەبوون. بە قەڵەم و ماجیک و بۆیەی سوور لاپەڕەکانیان دەڕازاندەوە. هەتا نەخشەی شار و شەقام و کۆڵانەکانیان بە سوور دەکێشا. تاقگە و شیری منداڵان و ئاوی خواردنەوەی ماڵانشیان خوێنین دەڕەنگاند. ئەو ئەفسەرە جەللادانە خەڵک دەگۆڕن بۆ کرمی لینج و سەرەمێکوتە تا هەر چەند سەرۆک و دارودەستەکەی بەر شەقیان دەدەن و تفیان لێکەن و فڕێشیان دەن، ئەوان دوور نەکەونەوە و وەک چڵم و بەڵغەم بە دیوار و دەرگا و حەوشەی سەرۆکایەتیەوە بنووسێن و دوورنەکەونەوە. ئەوەش جوانترین ئاکار و ڕەوشتی جەماوەری شۆڕشگێڕ و سەرسەخت و بە وەفایە.)) (زێبرا،2014، 96) لێرەدا ڕۆماننووس وێنای ژیانێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن و کوشتن بەشێوازی ساتیر دەکێشێت، بەوەی دیمەنی ڕەنگاندنی هەموو وڵات لەلایەن ئەفسەرە جەللادەکان و ڕەنگکردنیان بە ڕەنگی سوور، کە دەلالەت لە خوێن و کوشتنی تاکەکان دەکات، جا چ لەڕێگەی کوشتن بێت چ لەڕێگەی خەساندن و کردنە کۆیلە، ئەوانەی ڕۆڵیان لە گۆڕینی خەڵک هەبووە بۆ (کرمی لینج و سەرەمێکوتە)، ئەمەش دەلالەتە لە بە ڕۆبۆتکردن و کۆیلە، بەوەی ویستی هێزیان لێ بەتاڵ دەکرێتەوە و دەیانکەن بە مەعەدەن، بۆ ئەوەی چییان بوێت و چۆنیان بوێت وایان لێ بکەن، ئەمەش بە شێوازی ساتیر گوزارشتی لێ کراوە، بەوەی لێدانە لە مۆڕالییەتی کەسانی بەناو شۆڕشگێڕ و دڵسۆز، ئەوانەی بانگەشەی وەفا و ڕاستگۆیی و بەڵێن دەکەن، کە بە جوانترین ئاکار دادەنرێت.

بەم چەشنە (جەبار جەمال غەریب) بەشێوازی ساتیرئامێزییەوە ڕەخنە لە ژینگەی سیاسی دەگرێت بە سیستەمێکی دواکەوتووی لەقەڵەم دەدات، ڕەگی ئەم تێڕوانینە گاڵتەجارییەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووس دیدێکی پێشکەوتوخواز و باڵاتری هەیە لەوانەی لەناو ئەم ژینگە سیاسیەدا دەژین، بەمەش خۆی بە بەرزتر لەوانیتر دەزانێت و گاڵتەیان پێ دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پاییز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.2. ساتیری کولتووری:

ساتیری کولتووری پێگەیەکی دیاری لەنێو ڕۆمانی (زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم)دا هەیە. لە میانی ساتیری کولتووریدا ڕۆماننووس دەیەوێت لە میانی شێوازێکی ساتیری سەرجەم ئەو کۆت و پەیوەندییە داخراوانە هەڵبوەشێنێتەوە، بە بیانوی بنیاتنانی شەرم و درز نەبردنی کایە و جومگەکانی کۆمەڵگە. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووسی بوێر گەرەکیەتی بەردەوام لەنێو فەزای گێڕانەوەی چیرۆکەکانیدا گۆڕانکاری بێنێتەئارا لەبەرامبەر سەرجەم تراديسیۆنە دۆگماکان، لەپێناو ئەوەی دیدگای جیاواز و کراوەمان پێ ببەخشێت، تاوەکو وزە تواوەکانی ئیرۆسییەت بدۆزینەوە.

ڕۆماننووس بەشێوازی ساتیرانە ڕەخنە لە بە گەمژەبوونی ئەو کلتووره داخراو و چەقبەستووە دەگرێت، بەوەی لەنێو ئەم ژینگەیەدا، تەنانەت ماڵیش بۆ نووسەران شوێنێکی ئارام نییە بۆ نووسین و خوێندنەوە، بەڵکو لەم سەردەمەدا ماڵ بووەتە چێشتخانە و شوێنیکی بێزارکەر، ئەوانی دی باوەڕیان بە خواردن و خواردنەوە و دەنگە بێزارکەرەکان هەیە، کە لە بڵندگۆی تەلەفزیۆنەکان دەردەچن، بەمەش نووسەر وەک تاکێکی ئاگامەند و خاوەن فیکر ناچار دەکرێت ببێت بە بەشێک لەو دەزگا چەقبەستووە گەمژاندنە، هەروەك لە تێکستی ڕۆمانەکە هاتووە: ((تەلەفزیۆن ئامێرە گێژکەر و جاڕسکەرە کە دادەگیرسێنن، بۆنی توندی قرچانی ڕۆن و پیاز و چێشت لێنان بە ماڵەکەدا بڵاودەبێتەوە، منیش مات مات وەک بۆقێک پییان لێنابێت جیققەم دێت و پێدەکەنم و تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم و خۆم دەدەمە دەست گەمژەیی.)) (زێبرا،2014، 16) لێرەدا ڕۆماننووس بەشێوازی ساتیری ئەوە دەخاتەڕوو، کە شوێنێک لەو ماڵەدا بۆ نووسەر و ڕۆشنبیران نەماوەتەوە، کە ئارامی بەخش بێت تێیدا لە ژینگەیەکی ئارام خەریکی نووسین و خوێندنەوە بن، بەمەش لەو ماڵەدا هیچ چەشنە فەزایەک بۆ گوێگرتن نییە، تاکە شوێن کە تیایدا هەست بە ئارامی و بێدەنگی بکرێ و ئازادانە لە توانای دا هەبێت تێیدا گفتوگۆ لەگەڵ کارەکتەرەکانی ناوەوەی خۆی بکات، ئاودەستە، هەروەك لە تێکستەکەدا هاتووە: ((هەموو بیرکردنەوە جوانەکانم لە ئاودەستەوە بۆ دێت.. هەموو شۆڕشە گرنگ و سەرنەکەوتوو، خۆتڕێنەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتە لە ئاودەستەوە سەریان هەڵداوە ... بڵیندگۆ و میحرابی من ئاودەستە.)) (زێبرا،2014، 31) لێرەدا ڕۆماننووس بەشێوازێکی ساتیرئامێزانە گوزارشت لە مەبەستەکەی دەکات و پێیوایە شوێنێك نەماوە بۆ بیرکردنەوە. جگە لەمەش لە ماڵەکانی تاکی ڕۆژهەڵاتی وەک کلتوورێکی داخراو ئەوەندەی باوەڕیان بە قسەکردنە

ئەوەندە بە نووسین و خوێندنەوە و گوێگرتن نییە، بەڵکو توتی ئاسا تەنیا کاوێژدەکەنەوە، سەرباری ئەمەش کارەکتەری نووسەر بەردەوام لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی بووەتە جێگەی باس و گاڵتە پێکردن، تەنانەت کارەکتەری نووسەر لەلایەن زاوا و خوشکە شەیتانەکەشی بەر توانج دراوە و وەک گوێدرێژ وەسفکراوە، ((زاوا زێرین و یۆڕانیۆمەکەم دەستە پان و ڕەش و قورسەکانی بە پشتمدادا و گوتی:

-کەس لە تۆ ناگات، تۆ فەیلەسووفی.

شەیتانە بچووکە خانەنشینکراوەکەی خوشکم گوتی:

-دەڵێن لەنێوان فەیلەسووف و کەردا نازانم شتێک، ئا شێتێک هەیە.)) (زێبرا،2014، 21) ئەو کۆنتێکستە واتای ئەوە دەبەخشێت، کە بەهۆی کەم ئەزموونی و کەمی بیرکردنەوە لەنێو کولتووری تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی بەردەوام تانە لە کەسە ڕوناکبیرەکان دەدرێت، بە کەسانی خەڵەفاو و شێت لەقەڵەمیان دەدەن، بەردەوام گاڵتە بە گوتە فەلسەفییەکانی فەیلەسووفان و کەسانی ڕووناکبیر دەکەن، باوەڕیان بە گوتەی ڕووناکبیران نییە، بەم چەشنە ڕۆمانووس بەشێوەیەکی ساتیرئامێز ئاماژە بەو دەردەی نێو کولتووری کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی دەکات، بەوەی ئەوان وەک ماسی لە کەللە سەریانەوە بۆگەن بوونە بەهۆی ئەو گەمژاندنەیانەوە، کە لەناویدا دەژین.

جگە لەمەش ڕۆمانووس لە ڕۆمانەکەدا لە ڕێگەی (کارەکتەری نووسەر) بە شێوازێکی ساتیرئامێزانە ئاماژە بە دیاردەیەکی کولتوری دیکە دەکات، ئەویش دیاردەی کەمئەزموونی و داخراویی بیرە لەلای تاکەکان، بەتایبەت تر لای ڕەگەزی مێ، کە هێندەی باوەڕیان بە شووشتن و خاوێنکردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵە، ئەوەندە باوەڕیان بە شووشتن و خاوێنکردنەوەی هەست و عەقڵییان نییە، سەرباری ئەمەش تا هێزیان هەیە ڕقیان لە کتێب و کتێبخانەی نێو ماڵەکانیانە، تەنانەت بە سەرچاوەی بۆگەنبوونی دادەنێن، ((تەنها من دەزانم ژنانی گەڕەکەکەی من چەندیان ڕق لەو کتێبانەی منە. ژن هەر بە ڕەسەن ڕقی لە کاغەز و وشە و سەرداگرتن بەسەر کتێبدا هەیە. ژنەکانی گەڕەکەکەی من تەنها حەزیان لە گوڵی نایلۆن و پیاوی گو گەورە و مەنجەڵە دۆڵمە و قامچی، نا، بووورن حەزیان لە سۆندەی ڕەنگاوڕەنگە.)) (زێبرا،2014، 40) لێرەدا ڕۆمانووس بە گاڵتەو ساتیرەوە ڕەخنە لە کولتووری دژە کتێب و چۆنیەتی پاککردنەوەی ماڵ و خۆشەویستی شتەلاوەکییەکان دەگرێت و بە گاڵتەجاڕییەوە گوزارشتیان لێ دەکات، هاوکات ڕۆمانوس پێیوایە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دەرد و نەخۆشییە کولتوورییە وەکو تاعونێك میللەتی گرتۆتەوە و بەردەوام باوەڕیان بە گێژیی و لاساری هەیە، ((میللەت بە گشتی هەر ئەوەندەی دایە گێژی و لاساری هەزار قسەی بۆ بکە، ئەفلاتوونی بۆ بکە پارێزەر گاڵتەی پێدێت و سواری خەیاڵی خۆی و وەنەوشە دەبێت و گوێ لە کەس ناگرێت.)) (زێبرا،2014، ٤٠) لێرەدا ڕۆماننووس پەیامی تێکستەکە بەگاڵتە و شێوازێکی ساتیرئاسا دەخاتەڕوو و پێیوایە لەناو ئەو کولتوورەدا ئەگەر دەیان بەڵگەی زانستی و گوتەی فەیلەسووفان و بیرمەندان بۆ ئەو کەسانە بهێنرێتەوە، ئەوان هەر باوەڕیان بە بیرکردنەوەی خۆیان هەیە، هەربۆیە لەنێو یەک بازنەی داخراو دەخولێنەوە و پێشناکەون و بەردەوام دەبن لە دەبەنگییەکەیان. ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆماننووس دیدێکی پێشکەوتوخواز و باڵاتری هەیە لەوانەی لەناو ئەم کولتوورە داخراوەدا دەژین.

دواجار لە لاپەڕەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کارەکتەری نووسەر لە ڕێگەی (ڤەگێڕەوە) دووبارە چەندین ڕستەی ساتیرئامێز، کە ڕەخنەیەکی توندە، ئاڕاستەی تەواوی کولتووری کۆمەڵگە دەکات، بەوەی هەڵگرانی ئەم کولتوورە چەندە تاوانبارن و ستەمیان لە ڕووناکبیران کردووە، ئەو ڕووناکبیرانەی باوەڕیان بە کرانەوە و پێشکەوتن و شارستانییەت هەبووە و سەودا و پەیوەندییان لەگەڵ کتێب هەیە. لەڕێگەی هێنانەوەی نموونەی نێو ماڵەکەی خۆی، تەنانەت هەموو خەڵکی گەڕەک وەک هەرەوەزی، بە دۆڵکەی گەورەی پڕ لە شامپۆ و کەفاوی دەستیان هێرش دەکەنە نێو ماڵی کارەکتەری نووسەر و کتێبخانەکەی بەر ئاو دەدەن. لێرەوە ڕۆماننووس زیرەکانە سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکەی بەم تاعوون و دەردەی کۆمەڵگە و دوژمنانی ڕقهەڵگرتوو لە کتێب بەیەکەوە گرێ دەدات و بەم چەشنە دەیخاتەڕوو، ((هەر سێ ژنەکە بە دۆڵکەی گەورە گەورە شامپۆ و کەفاویان پێدادەکردم. لەگەڵ هەر هەناسەدانێکمدا کۆخیم و تریم. تریم و کۆخیم. چاوەکانم سوور هەڵگەڕان و ئەوەندە نەبوو دەرپەڕنە دەرێ. ئێستا لەو ئازارە گەیشتم بۆیە دەبێ داوای لێبووردن بکەم. ببوورن، ببوورن نووسەرانی گەورەی دنیا. ببوورە کازانتزاکی، ببوورە تۆلستۆی، ببوورە شکسپیر، ببوورە هاوڕیم جۆیس، بابەگەورەم بێکیت، ببوورە جاک لەندەن، ببوورە ستاندال، ببوورە خوشکی جوانەمەرگم برۆنتێ، ببوورە مەحوی زوهد و عیرفان، ببوورە نووسەرانی وشە و نارنجۆک و شەڕ، پەشێوی ریش پەمۆ، بێکەسی پەشموردە، گۆرانی برام.. ئێستا دەزانم چ حاڵێکتان بەسەر هاتووە، وەختێک لە ماڵەکەی مندا کەوتنە بەر ماسیحە و فلچە گەسکە زبر و دڕەکانی ئاو دەست پاککردنەوە، وەختێک

## گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەوتنە بەر لافاوی ستڵە تایت و سابوون و بوتڵە موعجیزە.. شەرم دەمگرێ کە دەمدی ژنێک ریشە سپی و ناسکەکەی جۆرج بەرناردشۆی وەک کلکە کەر بە دەستەوە گرتووە و یەکێکی دیکەیان فڵچەی نایلۆنی فەرش شووشتن لە موعجیزەکە هەڵدەکێشێ و خش خش روومەت و ریشی دەکرێنێ.)) (زێبرا،2014، 108-109) ڕۆماننووس بەو چەشنە ئاماژەدانە لەڕێگەی ڕستەی ساتیرئامێزانەوە ڕەخنەکەی لە کولتووری کۆمەڵگە توندتر کردووە و گەرم و گوڕییەکی بێ ئەندازەی بەو پرسە داوە و بەری جەنگی نێوان دوو نەوە و دوو باوەڕ و دوو جۆرە بیرکردنەوەی دەستنیشان کردووە، کە هەردوو بەرەش کار بۆ سەرکەوتنی خۆیان و دۆڕانی بەرەکەی دی دەکەن.

لە کۆتا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس بەشێوازی ساتیرئامێزانەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە دوای هەڵمەت و هێرشی ژنانی گەڕەک بە جام و دۆڵکەی پڕ لە زاهی و کەفا و موعجیزەی دەبڵ لەم جەنگەدا سەردەکەون و شکست بە بەرەی بەرامبەر دەهێنن، بەمەش ماڵەکە لە کتێب پاك دەکەنەوە، ((ئێستا ماڵەکە خاوێنە. ڕەوەیەک زێبرای تێدا بە خێوکە بە ساڵێک پیس نابێتەوە.)) (زێبرا،2014، 126) لێرەدا (زێبرا) ئاماژەیەکی کورتە بۆ دەیان مەدلوول و واتای دواخراو، وەک (بوونی دوو بەرەی دژ، دوو نەریت و دوو بیرکردنەوە، ڕەتکردنەوەی ڕەنگ و کرانەوە، چەقبەستووی کولتووری کۆمەڵگە، خەساندن و بەبتبوون، جەنگی نێوان نەوەکان، گەمژەیی و لاساری...تاد)، هەروەک لە هێلکاریی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە:

هێلکاریی ژمارە (2) لەبارەی مەدلولەکانی زێبرا



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا ڕۆمانووس لە میانی شێوازی خستەڕووی هەموو ئەو وەسفە ساتیرئامێزە پڕ هونەرییانەوە، ڕەخنە لە گەمژەیی هەڵگرانی کولتووری کۆمەڵگە و نەیارانی ڕقهەڵگرتوو لە کتێب دەگرێت، بەوەی بەپێچەوانەی ڕاستییەکان وا تێگەیشتوون کتێب هۆکارە بۆ پیسبوونی ژینگەی ماڵ و گەڕەك، بۆیە هێرش دەکەنە سەر ماڵی کارەکتەری نووسەر و ماڵەکەی لە کتێب پاك دەکەنەوە، ئەمەش دەلالەت لە بێ بەهابوونی کتێب لەم ڕۆژگارە دەکات. لێرەدا هۆکاری وێنەکێشانی ساتیرەکە بە شێوەی پێچەوانە و ناتەبایی خراوەتەڕوو، تێیدا گەمژەییەکە بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر شکاوەتەوە، کە دواجار بەرەی گەمژەکانی گەڕەك بەسەر بەرەی بەرامبەر سەردەکەون، بە شێوەیەك هەڵگرانی کولتووری کۆمەڵگەی داخراو پێیان وایە ماڵەکە هێندە پاك بووەتەوە ئەگەر کۆمەڵێك زێبرای تێدا بەخێو بکرێت، ئەوا تەنانەت بۆ ماوەیەکی دووردرێژ جارێکی دی پیس نابێتەوە، هەر ئەمەشە بونیاتی ساتیرەکەی بەرجەستەکردووە. بەم چەشنە زێبڕاکان ئاماژەیە بۆ ئەو نەوەیەی، کە باوەڕی بە نوێبوونەوەی هزر نییە، بەڵکو ئەوە خودی زێبراکانن هەمیشە گاڵتە بە بیرمەندەکان دەکەن و بە شێتیان لەقەڵەم دەدەن و ((زێبراکان زۆرتر لە پاسەوان و دۆگماکان دەکەن، کە بە چاوێکی پیاهەڵدان و پیرۆزگەرا لە دەقە دێرینەکان دەڕوانن و توانایی ڕاڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەقەکانیان لێ بەدیناکرێت، چونکە زێبراکان، یان پاسەوانەکان، زۆرتر هەڵوەدای هەڵەوەڕی و دروشمپەرستین و بەناوهێنانی بیرمەندە تەئویلییەکان قەڵس و بۆزۆ دەبن.)) (سەراج،2018، 72) ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت، کە هەموو ئەو مەدلوولە هەڵگیراوانە، کە لە بیروهۆشی تاکی خوێنەردا بوونیان هەیە و پێویستی بە دابەزاندن هەیە، بۆ ئەوەی دەقێکیتری داهێنەرانە لە هەناوی ئەم دەقەی نووسەر بخولقێنێتەوە و بەردەوامی بە کردەی نووسین و کرانەوەی تێکست بدات.

بەم شێوەیە ساتیری کولتووری کە بەشێوازی ساتیری هونەری خراوەتەڕوو، لەلای (جەبار جەمال غەریب) کەناڵێکی کاریگەرە لەپێناو گەڕاندنەوەی شوناسی ماناکان، بەوەی لە ڕێگەی ساتیرەوە ڕۆمانووس توانیویەتی بوێرانە پەردە لەسەر ماسکە کولتوورییەکان هەڵبماڵێت و لە میانی هونەری ساتیرەوە ڕەخنە لە دیاردە دزێوە کولتوورییەکان بگرێت، بەو ئامانجەی گۆڕانکاری ئەرێنییان تێدا بکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- (جەبار جەمال غەریب) لە ڕۆمانی (زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم) بەشێوازێکی ساتیرئامێزانە ڕەخنەی گاڵتەجاڕانەی گرتووە و هەوڵی گۆڕینی هۆشیاری تاکەکانی داوە، بەمەش سەرکەوتووانە بەرخوردی لەگەڵ پرسە زیندووەکانی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی کردووە، لەلایەک ڕەخنەی توندی لە دیاردە داخراو و چەقبەستووەکان گرتووە، لەلایەکی دی هەستێکی چێژبەخشی لە میانی فۆڕمێکی هونەریی بە وەرگر بەخشیووە و ڕۆمانیکی داهێنانکارانەی بەرهەم هێناوە.

2- ڕۆمانووس بەدیوێکی ساتێرئامێزانەی هونەری ڕەخنەی لە فەرهەنگ و کلتووری کۆمەڵگە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە گرتووە، لەپێناو ئاراستەکردنی کۆمەڵگە لە خاڵی وەستاو ڕووەو کۆمەڵگەیەکی کراوەی شارستانی، کە بەشێوازێکی ساتیرئامێزانە گوزارشتی لێ کردوون.

3- ڕۆماننووس بەشێوازی ساتیرئامێزییەوە ڕەخنە لە بونیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری دەگرێت بە پێکهاتەیەکی دواکەوتووی لەقەڵەم دەدات، ڕەگی ئەم تێڕوانینە گاڵتەجاڕییەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووس دیدێکی پێشکەوتوخواز و باڵاتری هەیە لەوانەی لەناو ئەم ژینگەیەدا دەژین، بەمەش خۆی بە بەرزتر لەوانیتر دەزانێت و گاڵتەیان پێ دەکات. بەم چەشنە بەرجەستەکردنی ساتیری وەك ستراتیژییەتێك بۆ خستنەڕووی ڕاستییە تاڵەکان، بەشێوەی گاڵتەکاری بەکارهێناوە.

4- ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە کاتێك لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ستایلێکی ساتیرئامێزانەوە ڕەخنە لە دیوە دزێوەکانی کۆمەڵگە لەڕووی مەعریفییەوە دەگرێت، کە ڕق ئەستوورن بەرامبەر بە کتێب و مەعریفە و ئامرازەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، دواجار ئەمە سەردەکێشێت بۆ دانانی کتێب بە بەڵا و سەرچاوەی بۆگەنبوون، ئەمەش دەلالەت لە بێ بەهابوونی کتێب لەم ڕۆژگارە دەکات، کە بەشێوازێکی ساتیری گاڵتەجاڕانەی هونەری لەلایەن ڕۆماننووسەوە خراوەتەڕوو.

5- ڕۆماننووس توانیویەتی بەشێوازی ساتیرئامێز گوزارشت لە دیاردەی بەگەمژەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی داخراو بکات، گەمژەبوونێك، کە توانای نوێبوونەوە و گۆڕانکاری نەبێت، ئەمەشی بە گاڵتەجاڕییەوە لە تێکستەکە خستووەتە بەر دیدگای خوێنەر، دواجار چێژ و تەشویقی بە هونەری گێڕانەوە بە شێوازێکی ساتیرئامێز بەخشیووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

### أ-کتێب:

- حەسەن، حەمەسەعید (2011). کاریکاتێر بە وشە_ ساتیر، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- حسین، جەبار ئەحمەد (2011). بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق (1970_ 1990)، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردستان.
- حسێن، د. هیمداد (2007). ئەدەبیانی فۆلکلۆری کوردی، کەرکوك، بڵاوکراوەی سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو.
- خەزنەدار، د. مارف (2004). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- رەسول، عیزەدین مستەفا (1979). لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- موکری، کامەران (1984). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- عەلی، د. تاهیر محەمەد و عەزیز، د. قومری سەعید (٢٠١١). ڕوانین لە دەق (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلیمانی، چاپخانەی کەمال.

### ب- فەرهەنگەکان:

- بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر و بەرزنجی، د. عەلی تاهیر (2024). کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

### ج- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

- سەڕاج، هاشم (٢٠١٨). زیبرا و مێتاگێرانەوە و مەینەتییەکانی نووسین، گ: رامان، ژ(٢٤٩).
- عبدالله، د. شێرکۆ (2012). ئەدەبیاتی تەنز، ڕ: ڕەخنەی چاودێر، ژ: (302).

### د- ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

- عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب (٢٠٠٦). ستراتیژیەتی دەق و جیاوازیەکانی خوێندنەوە، ماڵپەڕی دەنگەکان، (dengekan.info)ڕۆژی سەردانیکردنی ماڵپەڕ 2025/10/8.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەزمانی عەرەبی

### أ-کتێب

- العمري، د. محمد (2012). البلاغة الجديدة بين التخييل والتداول, الطبعة الثانية, مكتبة الادب المغربي, افريقيا الشرق_ المغرب.
- حسين، عبد الحليم محمد (1988). السخرية في أدب الجاحظ، الدار الجماهرية للنشر والتوزيع، طرابلس.

### ب- فەرهەنگەکان:

- ارون، پول و سان، دينيس (2012), معجم المصطلحات الأدبية, ت: د. محمد حمود, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع, بيروت_ لبنان.

## به زمانی فارسی

### أ- کتێب:

- شمیسا، دکتر سیروس (1378). انواع ادبی (ویرایش چهارم)، نشر میترا، چاپ سوم، تهران، 1387.

### ب- فەرهەنگەکان:

- داد، سیما (1378). فرهنگ اصطلاحات ادبی, تهران، انتشارات مروارید.

### ج- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:

- علوی، سید ابراهیم سید (١٣٨١). ادبیات طنز و تعریض، فصلنامه اندیشه انقلاب اسلامی، پاییز، شماره (٣).
- محمدی، سارا و نوریان، مهدی (1401) ، انواع و شیوه‌های کاربرد طنز در مقالات پرەیز ناتل خانلری، فصلنامه تاریخ ادبیات، دوره 15، شماره (2)، پاییز و زمستان.

## به زمانی ئینگلیزی:

-Abrams، M.H. (1999). A Glossary of Literary Terms, Seventeenth Edition, University Cornell, United States of America.
-Cambridge Dictionary (2000). Cambridge University Press.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The embodiment of satire in his novel Zebra, a Name for My Tomb (Jabar Jamal Gharib) gave

**Dr. Abdul Sattar Perdaw Hassan**
Erbil General Directorate of Education, Ministry of Education, Erbil Kurdistan Region, Iraq
Email: Star,perdawd@gmail.com

**Dr. Hayder Jawhar Ahmed**
Department of Basic Sciences, College of Nursing, Hawler Medical University Erbil Kurdistan Region, Iraq
Email: hayedr.ahmed@hmu.edu.krd

## Abstract
Satire has an important place in ancient and modern literature, being considered a form of expression. The aim of this study is to present how satire is embodied in Jabar Jamal Gharib's novel Zebra, a Name for My Tomb. When an author combines harsh criticism with humor, he paints it into a literary text, saying that his main goal is always criticism first and laughter second as an effective means of expression. It aims to show the bitterness of life, the shortcomings of society and the wrong behavior of its individuals in an interesting comedic way. Against those who deviate from the norms, violate the proper rules of society and spread injustice.
Kurdish novelists have resorted to satire at various stages. As a contemporary novelist, Jabar Jamal Gharib has been able to use satire to enrich the artistic and semantic structure of his novel through satire and produce a creative novel. In addition, the novelist fills the space of the text with doubts and questions, cracking between the sacred joints. In this way, he wants to unveil the ugly phenomena and misery of society through a satirical form.

***Keywords:*** *Satire , Criticism , Laughter , Kurdish novelists , Jabar Jamal Gharib*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تجسيد السخرية في رواية "حمار وحشي، اسم على قبري" ل(جبار جمال غريب)

**ملخص**

تحتل السخرية مكانة هامة في الأدب القديم والحديث، إذ تُعتبر شكلاً من أشكال التعبير. وتهدف هذه الدراسة إلى عرض كيفية تجسيد السخرية في رواية جبار جمال غريب "حمار وحشي، على قبري ". عندما يجمع المؤلف بين النقد اللاذع والفكاهة، فإنه يدمج ذلك في نص أدبي، قائلاً إن هدفه الرئيسي هو النقد أولاً والضحك ثانياً كوسيلة فعالة للتعبير. يهدف هذا العمل إلى إظهار مرارة الحياة، ونقائص المجتمع، وسلوكيات أفراده الخاطئة، بأسلوب كوميدي شيق، ضد من ينحرفون عن الأعراف، وينتهكون قواعد المجتمع، وينشرون الظلم. لجأ الروائيون الأكراد إلى السخرية في مراحل مختلفة. وبصفته روائيًا معاصرًا، استطاع جبار جمال غريب أن يوظف السخرية لإثراء البنية الفنية والدلالية لروايته، وأن ينتج رواية إبداعية. إضافةً إلى ذلك، يملأ الروائي مساحة النص بالشكوك والتساؤلات، مُحدثاً شرخاً بين الثوابت. وبهذه الطريقة، يسعى إلى كشف الظواهر القبيحة والبؤس الذي يعتري المجتمع من خلال أسلوب ساخر.

**الكلمات المفتاحية:** هجاء - نقد - ضحك – رواية الكوردية - جبار جمال غريب